هەڤاڵ ئەبوبەکر: لەسنووری پارێزگای سلێمانی یادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەکرێتەوە

هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاندووە، لە ساڵیادی تاوانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان و بە دەربڕینی ڕێز و وەفا بۆ خوشک و برا ئێزیدییەکانمان و بە هاوخەمیی و هاوهەڵوێستیی و سەرکۆنەکردنی تاوانی جینۆسایدو بۆ پشتیوانیکردنی بڕیاری هەردوو سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، سبەی 3ـی ئاب، سەعات 10ی بەیانی؛ لە هەموو سنووری پارێزگای سلێمانیدا، خولەکێک بە بێدەنگیی دەوستین و لەم کاتەدا جووڵەی هاتووچۆ ئۆتۆمبیل لە هەموو ڕێگا سەرەکییەکاندا ڕادەگیرێت.